هاوڕێی بەڕێز سڵاو!

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، ١٥ ساڵ بە سەر تیرۆری هاوڕێی تێکۆشەرو ماندوویەنەناس دوکتور سادقی شەرفکەندیو هاوڕێیانی لە ریستۆرانی میکۆنوس لە وڵاتی ئاڵمان تێدەپەڕێ. بۆ ڕێزگرتن لە خەباتو تێکۆشانی شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەو ریسواکردنی هەرچی زیاتری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پێویستە خەڵکی بەشەرەفو ئەمەگناسی کوردستان، لەم بۆنەیەشدا بە هاودەنگی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەفرەتی خۆیان هەرچی زیاتر لەو ڕێژیمە تیرۆریست پەروەرە دەر ببڕنو جارێکی دیکە بسەلمێنن کە پشتیوانانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتن.

بۆیە داواکارین ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

١) ڕۆژی ٢شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان، کە هاوکاتە لەگەڵ ١٥هەمین ساڵوەگەری شەهیدبوونی دوکتۆر شەرفکەندیو هاوڕێیانی بە چوون بۆ سەر مەزاری شەهیدانو لەو جێگایانەش کە گڵکۆی شەهیدی لێی نیە بۆ سەر گۆڕی ئەو کەسانەی کە خزمەتکاری خەڵكو نەتەوەکەیان بوون، کە دیارە ئەمەیان سەمبولیکە ڕێز بگرن لە شەهیدانی ئەو کارەساتە.

٢) سەردانی بنەماڵەی شەهیدانو دڵ دانەوەیان.

تکایە زەمینەی بەڕێوەچوونی ئەم داواکارییە بە تەبلیغی بەربڵاو ئامادە بکەنو بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدەن. دیارە ئێمە دواتر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەم داواکارییە لە خەڵكو لایەنگران بە هۆی ڕاگەیەنە گشتییەکانی حیزبییەوە ڕادەگەیەنین.

سەرکەوتوو بن

کومێسیۆنی تەشکیلات